# بەشداریکردنی نوێنەرایەتی فیدراسیۆن لە 5 پێنجەمین کۆنفرانسی سالآنەی ڕێکخراوی لاوانی بێ سنور لە ئەڵمانیا.

لە ڕۆژانی 14 تاوەکو 17 ی سێپتەمبەر و لەشاری درێسدنی ئەڵمانیا ڕێکخراوی لاوانی بێ سنوری ئەڵمانی لەژێر دروشمی (ئێمە دواڕۆژین ،ئێمە لێرە دەمێنینەوە) کۆنفرانسی سالآنەی خۆی سازدا ،لەم کۆنفرانسەدا نوێنەرایەتی فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عێراقی لەشاری کالسرۆ بە ئامادەبوونی (خالیس حەمەد) و (موسلیح حەمەد) لەسەر بانگێشەی ڕێکخراوی لاوانی بێ سنور بەشداری کرد ، کارەکانی کۆنفرانس تەرخان کرابوو بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر کێشەی مافی نیشتەجێبونی پەنابەرانی گەنج ولاو هاوکات چۆنیەتی بەهێزکردنی بزووتنەوەی دیفاع لەمافەکانی پەنابەری لە ئەڵمانیا ،لە بەشی ئەو قسەو باسانەی کەسەبارەت بەمافی پەنابەران لە ئەڵمانیادا کرا موسلیح حەمەد باسی لەبارودۆخی سەختی پەنابەرانی کورد وعێراقی کردو ئاماژەی بەو سیاسەتە راسیستانەی حکومەتی ئەڵمانیا کرد لە بەرامبەر پەنابەراندا گرتویەتەبەر کە لەئەنجامدا هەزاران پەنابەر بێ بەشکراون لە مافی نیشەجێبوون مانەوە لەئەڵمانیاو زیاتر لە 20.000 پەنابەر مافی مانەوەیان لێسەندراوەتەوە،هەروەها خالیس حەمەد لە درێژەی هەمان بابەتدا سەبارەت بەبارودۆخی نائەمنی عێراق وکوردستان کرد قسەوباسی کردو گووتی بارودۆخی سیاسی عێراق وکوردستان ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو خراپی دەچێت وداهاتوەیەکی سیاسی ڕۆشن لەبەرچاو خەڵکی ئەم ناوچەیەدا نی یە بەتایبەت لەژێر سیاسەتی جەنگ و داگیرکاری ئەمریکادا، هەربۆیە کۆچ وئاوارەبوون بۆتە بەشێک لە ژیانی خەڵک.






فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عێراقی ـ ئەڵمانیا

23.09.2007